# پرۆژەی
# پەیڕەوی ناوخۆی

## بەندی یەکەم
**ناو: پارتی چەپی کوردستان**

## بەندی دووەم
## پێناسەو ئامانج
پارتی چەپی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕە مرۆڤایەتی ، زانستیی و پێشکەوتنخوازییەکاندا خۆی ئەناسێنێت.
تێئەکۆشێت لەپێناوی بەرەوپێشبردنی ڕەوتی دیموکراتیی و شارستانیی و بردنی ئاڕاستەی ململانێکان بەرەو خزمەتکردنی زیادتری کۆمەڵگایەکی تەندروست و ڕێگەگرتن لە قۆرخکردنی دەسەڵاتداریێتی لە کوردستاندا و بەکارهێنانی سامان و داهاتی وڵات بۆ بەرژەوەندە گشتییەکان و دروشم و ئامانجمان:

## کوردستانێکی بێ چەوسانەوە و هەژارییە

## بەندی سێیەم
### 1- ئەندامەتی:
هەر هاونیشتمانییەك کە تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت و تۆمەتی ئابڕووبەریی بەسەردا ساغ نەبووبێتەوە ، وەك (سیخوڕیی ، دزیی و گەندەڵیی و.. تد) ، لە هەمان کاتدا لە لایەنێکی سیاسی تردا کارنەکات ، بۆی هەیە داوای ئەندامەتی بکات.

### 2- مافەکانی ئەندام:
1- هەموو ئەندامان خاوەنی هەمان مافی یەکسانن و بۆیان هەیە لە داڕشتنی هێڵی گشتیی سیاسەتی پارتدا چ بە شێوەی پێشنیار ، یان وتووێژ بەشداربن.
2- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان پارێزراوە.

### 3- ئەرکەکانی ئەندام:

1- ئەبێت لە ڕێکخراوێکی پارتدا کاربکات.
2- لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە ببێت.
3- ئابونەی مانگانە بدات ، بەپێی ڕێژە یان بڕی دیاریکراو بۆی.
4- بە سیاسەت و بیروبۆچوونەکانی پارت ، خۆی ڕۆشنبیر بکات و بیگەیەنێتە ناو جەماوەر.
5- ڕێسا و پرینسیپەکانی پەیڕەوی ناوخۆ جێبەجێبکات.

## بەندی چوارەم : پەیکەری ڕێکخراوەیی

### 1- شانە

1- ژمارەی ئەندامانی لە دە هاوڕێ زیادتر نابێت.
2- هەوڵبدرێت ئەندامانی شانە لە هەمان گەڕەك و ناوچە ، یان هەمان شوێنی کار و پیشەدابن.
3- بە دەنگدانی نهێنی ئەندامەکانی ، بەرپرسی شانەکە هەڵئەبژێرن.
4- بەرپرسی شانە ، ئەندامە لە ئەنجومەنی ناوچەدا.
5- مانگیی دوو جار کۆبوونەوە ئەکات.

### 2- ئەنجومەنی ناوچە

1- لە چەند شانەیەك پێکدێت.
2- ئەندامەکانی بریتین لە بەرپرسەکانی شانەکان.
3- بەرپرس و جێگرەکەی و بەرپرسی دارایی ، بە دەنگدانی نهێنی بۆ ئەنجومەنەکە هەڵئەبژێرن.
4- بەرپرسی ئەنجومەنەکە ئەندامە لە ئەنجومەنی شاردا.
5- مانگانە کۆبوونەوەیەك ئەکات.

### 3- ئەنجومەنی شار

1- لە چەند ڕێکخراوێکی ئەنجومەنی ناوچە پێکدێت.
2- ئەندامەکانی بریتین لە بەرپرسەکانی ئەنجومەنەکانی ناوچەکان.
3- بەرپرس و جێگرەکەی و بەرپرسی دارایی ، بە دەنگدانی نهێنی بۆ ئەنجومەنەکە هەڵئەبژێرن.
4- بەرپرسی ئەنجومەنەکە ئەندامە لە ئەنجومەنی پارێزگادا.
5- مانگ و نیوێك جارێك ، کۆبوونەوەیەك ئەکات.

### 4- ئەنجومەنی پارێزگا

1- لە چەند ڕێکخراوێکی ئەنجومەنی شار پێکدێت.

2– ئەندامەکانی بریتین لە بەرپرسەکانی ئەنجومەنەکانی شارەکان.

3– جێگری بەرپرس و بەرپرسی دارایی ، بە دەنگدانی نهێنی بۆ ئەنجومەنەکە هەڵئەبژێرن.

4– ئەندامێکی دەستەی کارگێڕ ، بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگایە.

5– دوو مانگ جارێك کۆبوونەوە ئەکات.

## 5- ئەنجومەنی دەرەوە

1– لە هەر وڵاتێك ئەندامانی پارتی چەپی کوردستانی لێبێت ، بەگوێرەی بارودۆخی ئەو وڵاتە و بە لەبەرچاوگرتنی کار و ژیانی ڕۆژانەی ئەندامان و لەژێر ڕۆشنایی پەیڕەوی ناوخۆدا ، ڕێکخراوەکان و دەستە بەرپرسیارەکان دروستئەکەن.

2– بەرپرسی ڕێکخراوی هەر وڵاتێك ئەندامە لە (ئەنجومەنی دەرەوە)دا.

3– پەیوەندیی ئەنجومەنی دەرەوە ڕاستەوخۆ بە دەستەی کارگێڕی پارتەوەیە.

4– ئەنجومەنی دەرەوە هەر وەك ڕێکخراوەکانی ناو وڵات ، لە کۆنفرانسی خۆیدا و بە دەنگدانی نهێنی ، بەرپرس ، جێگری بەرپرس و بەرپرسی دارایی خۆی هەڵئەبژێرێت.

## 6- ئەنجومەنی گشتیی

1– دەسەڵاتی باڵای پارتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

2– ژمارەی ئەندامەکانی ، کۆنگرە بڕیاری لەسەر ئەدات.

3– ئەندامانی لەناو کۆنگرەدا بە دەنگدانی نهێنی هەڵئەبژێررێن.

4– ئەندامانی جێگر بۆ ئەنجومەنی گشتیی ، بە ڕێژەی 1/5 ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتیی ، لە کۆنگرەدا بە دەنگدانی نهێنی هەڵئەبژێررێن.

5– ئەو کەسانەی کە لە کۆنگرەدا زۆرترین دەنگەکان ئەهێنن ، بەرپرسیارییە سەرەکییەکان وەرئەگرن. (واتە ئەو کەسەی کە زۆرترین دەنگ ئەهێنێت ، بەرپرسیاریی یەکەم ئەگرێتە ئەستۆ ، ئەگەر خۆی ئەو ئەرکەی نەوێت ئەوا ئەرکێکی تر هەڵئەبژێرێت کە بۆی ڕابپەڕێنرێت ، بەو شێوەیە کار و ئەرکەکان بەشئەکرێن).

6– ئەندامانی جێگر مافی دەنگدانیان نیە.

7– ئەنجومەنی گشتیی بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە ، لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا.

8– گۆڕین و مانەوەی هەر ئەندامێکی دەستەی کارگێڕ بە سەرۆکیشەوە ، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی گشتییدایە.

9– ئەندام بۆی نیە لە سێ خول زیادتر لە ئەنجومەنی گشتییدا بمێنێتەوە (واتە سێ کۆنگرەی یەك لە دوای یەك).

10– سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەکات.

11– لە کاتی پێویستدا ، کۆبوونەوەی نائاسایی ئەکات.

## 7- دەستەی کارگێڕ

1– کاروباری ڕۆژانەی ئەنجومەنی گشتیی هەڵئەسوڕێنێت و بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی گشتییدا.

2- ژمارەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕ بریتیە لە 1/3ی ژمارەی ئەندامانی ئاسایی ئەنجومەنی گشتیی.
3- ئەندامانی دەستە ، بەپێی زۆریی دەنگەکانیان لە کۆنگرەدا ، دیاریئەکرێن.
4- هەر بەپێی زۆریی دەنگ ، سەرۆك و جێگری سەرۆك و بەرپرسی دارایی دیارییئەکرێن.
5- بەگوێرەی پێویست کۆبوونەوەئەکات ، بەڵام لە مانگیی جارێك کەمتر نەبێت.

## 8- جێگری سەرۆك

1- یارمەتیدەری سەرۆکە لە جێبەجێکردنی کاروبارەکانی دەستەی کارگێڕدا.
2- لە کاتی نەبوونی سەرۆکدا (لەبەر هەر هۆیەك بێت) ، جێگای سەرۆك ئەگرێتەوە.

## 9- سەرۆك

1- بەپێی زۆریی دەنگ ، دیاریئەکرێت. ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك بوو ، نەتوانرا بەو پێیە بکرێت ، ئەوا ئەنجومەنی گشتیی بە زۆرینەی دەنگ هەڵیئەبژێرێت.
2- سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕ و ئەنجومەنی گشتیی ئەکات.
3- بەرپرسیارە لەبەردەم دەستەی کارگێڕ و ئەنجومەنی گشتییدا.
4- ڕووی دەرەوەی پارتی چەپی کوردستانە.

## 10- دەستەی چاودێریی

1- دەستەی چاودێریی لە پێنج ئەندام و دوو جێگر ، پێکدێت.
2- ئەندامانی ، بە دەنگدانی نهێنی لە کۆنگرەدا هەڵئەبژێررێن.
3- جێگرەکان تا جێی ئەندامێك نەگرنەوە ، بەشداریی کۆبوونەوە و کاروباری دەستەکە ناکەن.
4- لەناو خۆیاندا بەرپرسێك بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان و کاروبارەکان هەڵئەبژێرن.
5- چاودێریی کاروباری ئەنجومەنەکان و ئۆرگانەکان ئەکات و بەراوردی ئاستی جێبەجێکردنی بڕیار ، پێشنیار ، سیاسەتەکان ، ئامانج و دروشمەکانی کۆنگرە و پارت ئەکات.
6- چاودێریی تەواوی دارایی ئەکات.
7- بەپێی پێویست ، بەشداریی کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕ و ئەنجومەنی گشتیی ئەکات.
8- بۆی هەیە بەشداریی کۆبوونەوە و کۆنفرانسی هەر ڕێکخراوێکی پارت بکات ، بەڵام بە مەرجێك بەر لەوە ، دەستەی کارگێڕ ئاگاداربکات و دەستەی کارگێڕیش ئەو ڕێکخراوە ئاگاداربکات.
9- بۆی نیە کاربکاتە سەر ئەو ڕێکخراوانەی کە سەردانیان ئەکەن و بەشداریی وتووێژ و بڕیارەکانیان بکەن.
10- بە شێوەیەکی خولیی (دەوریی) ، ڕاپۆرت و بۆچوونەکانی پێشکەش بە ئەنجومەنی گشتیی ئەکات.
11- ئەنجومەنی گشتیی ، دەستەی کارگێڕ و دەستەی دارایی ، گرنگیی تەواو ئەدەن بە ڕاوبۆچوونەکان و ڕاپۆرتەکانی دەستەی چاودێر.

12– بەرپرسیارە لەبەردەم کۆنگرەدا و ڕاپۆرتی خۆی لە نێوان دوو کۆنگرەدا پێشکەش بە کۆنگرە ئەکات.

## بەندی پێنجەم

## 1- کۆنفرانس

### أ- کۆنفرانسی ڕێکخراوەکان

1– ساڵیی جارێك ئەبەسترێت.

2– ئەنجومەنی ناوچە ، شار و پارێزگا لە کۆنفرانسەکانیاندا بەرپرسەکانیان هەڵئەبژێرن.

3– بەرپرسی یەکەمی شانە و ڕێکخراوەکان ڕاستەوخۆ ئەندامن لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی سەرووی خۆیاندا.

4– ئەو بەرپرسانەی کە هەڵنابژێررێنەوە ، مافی ئەندامەتییان لە ئەنجومەنی سەرووتریان نامێنێت.

### ب- کۆنفرانسی پارت

1– کۆنفرانسی پارت ، ساڵ و نیوێك جارێك ئەگیرێت ، بۆ وتووێژی باس و کێشە هەنوکەییەکان.

2– بەرپرسەکانی ئەنجومەنەکان و جێگرەکانیان و ئەندامانی ئەنجومەنی گشتیی و چاودێریی بەشداریی تیادا ئەکەن.

3– لە کۆنفرانسی پارتدا ، بڕیار وەرناگیرێت ، بەڵام دەستەی کارگێڕ و ئەنجومەنی گشتیی ، سود لە پێشنیار و ڕا و بۆچوونەکانی کۆنفرانس وەرئەگرن و بەگوێرەی توانا هەوڵی جێبەجێکردنیان ئەدەن.

## 2- کۆنگرە

1– بەرزترین دەسەڵاتی پارتە.

2– سێ ساڵ جارێك ئەبەسترێت.

3– ئەندامەکانی ، نوێنەرانی تەواوی ڕێکخراوەکانن.

4– ئەنجومەنی گشتیی ، بەگوێرەی سەرژمێری ئەندامانی پارت ، ڕێژەی ئەندامانی کۆنگرە دیاریئەکات.

5– لە کۆنفرانسی ڕێکخراوەکاندا نوێنەرانی کۆنگرە هەڵئەبژێررێن.

6– ئەندامانی ئەنجومەنی گشتیی و دەستەی چاودێر ئەندامن لە کۆنگرەدا.

7– ئەنجومەنی گشتیی شەش مانگ بەر لە بەستنی کۆنگرە ، ئەبێت پرۆژەی ڕاپۆرتەکانی کۆنگرە بۆ وتووێژ بگەیەنێتە ڕێکخراوەکان.

8– بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرە ، دەستەیەك بە دەنگدانی ئەندامانی کۆنگرە ، دەستنیشان ئەکرێت ، بە مەرجێك کە لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتیی و دەستەی چاودێریی نەبن.

9– دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان ئەنجومەنی گشتیی و دەستەی چاودێر هەڵئەوەشێنەوە.

10– گۆڕانکاریی لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆدا ، تەنیا لە دەسەڵاتی کۆنگرەدایە.

11– له کاتی هێجگار ناهەمواردا ، ئەنجومەنی گشتیی بۆی هەیە تەنیا یەك جار و بۆ ماوەی سێ مانگ کۆنگرە دوابخات.

## 3- کۆنگرەی نائاسایی

1– لەسەر داوای 2/3 ی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتیی ، یان 1/5ی ئەندامانی پارت ئەبەسترێت.
2– وتووێژ و بڕیارەکانی تەنیا لەسەر ئەو باسانە ئەبن کە لەپێناویدا کۆنگرەکە ئەگیرێت.

### بەندی شەشەم

### دارایی

1– لە ئابونەی ئەندامان ، پیتاکی دۆستان و لایەنگران ، دەستکەوتی ڕاگەیاندنەکانی پارت و چالاکییە هەمەجۆرەکان پێکدێت.
2– کۆنگرە بڕیاری ڕێژە ، یان بڕی ئابونەی ئەندامان ئەدات.

### بەندی حەوتەم

### دەنگدان

زۆرینەی دەنگ زاڵە بەسەر کەمینەدا ، بە ڕێزگرتنی تەواو لە ڕای کەمینە کە داکۆکیی لە هەڵوێستی خۆی بکات و لە دەزگا و ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکانی پارتدا دور لە هێرشی ناڕەوا ، وتووێژ لەسەر بۆچوونەکانی خۆی بکات.

### بەندی هەشتەم

### وازهێنان و لە ئەندامەتی کەوتن

1– ئەندام بۆی هەیە هەرچ کاتێك بیەوێت ، دەست لە کار بکێشێتەوە.
2– ئەندام لە کاتی سەرپێچییکردندا ئاگادار ئەکرێتەوە و دوای هۆشیارکردنەوە ، ئەتوانرێت ئەندامەتی لێبسەنرێتەوە.
3– لە کاتی لێسەندنەوەی ئەندامەتی لە هەر ئەندامێك ، هۆکارەکانی ئەخرێتە بەردەم ڕێکخراوەکەی و بە دەنگدان بڕیاری لەسەر وەرئەگیرێت.
4– ئەندام کە ئەندامەتی لێئەسەنرێتەوە ، ئەبێت بۆ داکۆکییکردن لە خۆی ، تەواوی مافەکانی بۆ دابینبکرێت ، تا بە کۆنگرەش ئەگات.